## " خالد سلیمان "لەوەڵام بە پرسیاری دەنگەکان
## لە حەڤدەهەمین ساڵ ڕۆژی تراژیدیای ئەنفال

دەنگەکان : ئایا توانراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە , نەک ئەوەی کە دەسەڵاتداری کوردی ئەمرۆ دەیەوێت , بکرێت بەمێژوو ؟

خالد سلیمان /لێرەدا تێناگەم مەبەست چیە لە بە مێژوو کردنی ئەنفال و ئایا تا ئێستا نەبوەتە مێژوو ، یان مەبەست چیە لە مێژوواندن ، چونکە ئەنفال بۆ خۆی مێژوویەکی گرێ دراوەیە بە کۆمەڵێ توخمی سیاسی و فیکری و ئایدیۆلۆژییەوە . بە شێوەیەکی تر ئەتوانین بڵێین ئەنفال فەلسەفەی چارەسەرێکی فیناڵ بوو بۆ ژیانی کۆمەڵێکی جیا لەوەی کە بەعس مەزەندەی دەکرد و هەر لە چرکەساتی ڕوودانییەوە وەک مێژوویەکی تراژیدیانە دەرکەوت و لە دووایشدا بووە مێژووی داماڵینی کورد لە مافەکانی ژیان . بە بێ هیچ چوارچێوەیەکی تیۆرییش ئەتوانین بڵێین هەموو ئەو بێکەسانەی ئۆردووگاکانی کوردستان وشوێن و ڕێی ژیانیان وگشت ئەو بەڵگە نامەو وێنەو چیرۆکانەی لە سەر ڕۆژەکانی ڕسوابوون دەگێڕدرێنەوە مێژوون و لە ناو کولتووری کورددا تا ڕادەیەک بە بێ ئانالیزەکردن ماونەتەوە . هەندێک هەن وەک " مستشرق " تەماشای ئەنفال دەکەن و یاری زمانەوانی لە سەر دەکەن و هەر ئەوەندەی خوێنەرێکی ئاسایی زانیارییان لە سەر ئەنفال هەیە . لێکۆڵینەوەکانیشیان لە مێژووی دەرەوەی ئەنفالەوە ڕووداوەکان دەخوێنێتەوە . هەندێکی تریش هەن گێڕانەوەی چرکەسات و ڕۆژەکانی ئەنفال بووەتە ئامرازی کارکردن و بیرکردنەوەیان . ئەمەی دووەمیان بە لای منەوە ئەتوانرێت بکرێتە چوارچێوەیەکی تییۆریی بۆ ئیش کردن لە سەر ئەنفال : واتە ڕووداوەکان مێژوو بن نەک بکرێنە پرۆژەی کارکردنێکی ئیستشراقیانە لە کۆستی ئەنفال .

من بۆ خۆم بڕوام وایە کە ئەنفال پێش داسەپاندنی بە سەر کورددا مێژووی دونیای ئیماژینکراوی " بەعس " بوو بۆ ئەو کۆمەڵگا بێ چڵ و پۆیەی " داتاشراوەی " داپڕشتبوو . بۆیە پێم وایە خوێندنەوەی ژینگەی مێژوویی بیری نەتەوەگەرایی و بەعسیزمی عەرەبی بنەماییەکی بە هێز دەبن بۆ تێگەیشتن لەوهەموو مردنەی ئەنفال پێشکەشی کردین و هەروەها تێوەگلان لە ئانالیزەکردنی ئاکارەکانی .

دەنگەکان : ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ڕۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا , سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال

خالد سلیمان /لە ولامی ئەم پرسیارەدا پێم باشە هەندێ بۆچوون بخەمە پێش چاوی خوێنەران و دێژا ئەم بۆچوونانە لە ڕۆژنامەی "ئاسۆ" لە کوردست
بڵاوبوونەتەوە و وا لێرەشدا لە ولامی پرسیاری "دەنگەکان" دا دەیانخەمە ڕوو :
لە کوردستاندا وا ڕاهاتووین ئەم یادە لە شوێنی جیاواز جیاواز و بە بێ بەرنامەو تەنها لە سەر ئاستی ناوخۆیدا بکەینەوە ، هەروەها یادەکەشمان بە کوتوپڕی بیر ئەکەوێتەوەو هیچ شتێکی گرنگی وای تێدا دەر ناکەوێت لە سیمای بەجێماوەکانی ئەنفال خۆی زیاتر یان ئەوانەی لە نوگرەسەلمان و کەڵپەی سەگەکانی مولازم حیجاز ڕزگاریان بوو گەڕانەوە . لێرەدا نامەوێ باس لە بێ بەرنامەیی و کولتوری کوتوپڕی بکەم کە بەشێکی زۆری ژیانی ئێمەی داگیر کردووەو ئەمەوێ بۆ یادی بیستەمین ساڵەی ئەنفال هەندێ بۆچوون و پێشنیار بخەمە بەردەم ناوەندە سیاسی و کولتوریەکانی کورد لە کوردستان و دەرەوە ، بە شێوەیەکی تایبەتیش بۆ بەردەم هەردوو بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی کە ئێستا پۆستێکی بەرزی لە عێراقدا بە دەستەوەیە و هەروەها کاک مەسعود بارزانی کە ئەتوانن لە ڕێگای پێگەو بەرپرسیارێتیەیانەوە بڕیاری گرنگ بۆ ئەم مەسەلەیە بدەن .

یەکەم : دروست کردنی مۆزەخانەیەک بۆ ئاکارەکانی ئەنفال لە یەکێک لە ناوچانەی کوردستان کە زۆرترین خەڵکی تیا لە ناچوو. مۆزەخانەیەک هەموو شتێکی تایبەت بە ژیانی ئەنفالکراوان بگرێتەوەو سوود لە هەر ئەزموونێکی جیهانی بۆ ئەم پرۆژەیە وەربگیرێت .
دووەم : لە چاپدانی هەموو چیرۆک و بەڵگەنامەو شایەتنامەی بەجێماوەکانی ئەنفال و ، وێنەگرتنی هەموو ئەو پیروپەککەوتانەی لە نوگرەسەلمان گەڕانەوەو لە چەند ساڵێکی تر زیاتر ناژین .
سێیەم : بەرپاکردنی هەڵمەتێکی وەرگێڕانی هەموو ئەو کتێب و بەڵگەنامانەی لە سەر ئەنفال نووسراون بۆ زمانەکانە جیهانیەکان و هەروەها زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی .
چوارەم : پەیوەندی کردن بە سەنتەرەکانی خوێندن و لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانی جیهان لە سەر ژینۆسید و پاکتاوکردنی نەژادی ، بە شێوەیەکی تایبەتیش ئەو سەنتەرو مۆزەخانانەی بۆ ئەم مەبەستە دامەزراون وەک ئەوەی " ئۆشڤیتز " ی جولوکەکان لە پۆلۆنیا ، ئەگەر بکرێ زیارەتی ئەو شوێنەش بکرێ ، هەروەها مۆزەخانەیەکی تریش لە سەر هۆلۆکۆست کە لەم ماوەیەی دووایدا لە ئیسرائیل کرایەوە .
پێنجەم : دامەزراندنی سەنتەرێکی کوردی بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەنفال و بەعسناسی .
شەشەم : دووای ئەنجام لانێکی کەمیش بێت لەم خاڵانەی سەرەوە و هەرخاڵێکی تر کە ڕۆشنبیرانی کورد ئەیخەنە ڕوو ، ئەتوانرێ بانگهێشتی کۆمەڵێ ناوەندی زانستی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی لە جیهاندا بکرێت بۆ ئامادە بوونی یادی بیست ساڵەی ئەنفال و بەشێوەیە ئەتوانین کارەساتەکە بکەینە ڕووداوێکی جیهانی و لە چوارچێوە ناوخۆییەکەی ڕزگار بکەین .

لێرەوە ئەم پرۆژەیەی کارکردنە ئەخەمە بەردەستی ڕۆشنبیرو ئەکادیمی ورۆژنامەنووسانی کورد بۆ وروژاندنی لە ناوەندە کوردییەکاندا لە کوردستان و ئەوروپا و ئەمریکا و هەروەها لە ناو وڵاتە عەرەبییەکاندا . لەم بروایەشدام کە ئەم سێ ساڵەی لە نێوان ئێمەو 2008 دایە هێشتا کەمە بۆ پرۆژەیەکی وەها ، بەڵام زۆر لەوە باشترە لە بەهاری هەمان ئەو ساڵەدا ئەنفالمان بیر بکەوێتەوەو فریای هیچ نەکەوین .

ئەنفالکردنی ئێمە بەشێک بوو لە پرۆژەی نەمان و، مردنێکی داڕێژراو لە کارگەی کوشتندا پێشکەش بە هەزاران کورد کرا و بە گوێرەی پرانسیپەکانی بەعس لە مافی ژیان داماڵران . ئەوانەی بە سەر ئەرمەن و جولەکە و قەرەجەکانی ئەوروپا و خەمیرە سوورەکاندا هات ، ئێمەشی گرتەوە ، وێنەی کووشتنێکی بە کۆمەڵ وەک ئەوەی لە "ڕواندا " ڕووی داو ئەوەی لە دارفوور ڕوودەدات لە یادەوەریماندا ئەسوڕێتەوە ، دووای سێ ساڵیش بیست ساڵ بە سەر ئەوەدا تێپەڕ دەبێت کە چۆن بووینە پرۆژەی مردنێکی ئارتیزانە " دەستکرد " !!ئایا پێویستە هەموو جیهان سەردانی " گۆڕستانی چراکان" – بە یارمەتی کاک شێرکۆ بێکەس – بکات .

**دەنگەکان : دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە ؟**

خالد سلیمان / وا بزانم ئەو ڕۆژە دیارییە و ئەویش 4/14 ی هەموو ساڵێکە کە مەرگەساتی ئەنفالی تیا گەیشتە کۆتاییەکان . بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بە دووای ڕۆژێکدا نەگەڕێین هەموو خەڵکی کوردستان و ڕۆشنبیران و دامەزراوە سیاسی و مەدەنییەکان لە سەری کۆک بن .